# په یڤه ساده‌کا ن نه گه‌یشتن

(1)

یه‌کێک له ده‌رگای خوا ئه‌دات، ( جه‌مال غه‌مبار )
یه‌کێکی تر ئاگر له دۆزه‌خ قه‌رز ئه‌کات
سێیه‌میان منم
ئه‌و کاته‌ی خۆم لێ بزرده‌بێ و
داوا له سه‌گێک ئه‌که‌م بۆم بگه‌ڕێ..

(2)

ئاگریان له زه‌مه‌ن به‌ردا
هه‌موو واده‌و به‌ڵێنه‌کان سووتان،
- واده‌کانی سیاسه‌ت
- ساته‌کانی زاووزێی درۆ
- ده‌مه ده‌می ئێواره‌ی نوێژه‌کان
-سه‌رده‌می ڕاوه کۆتر
- شه‌وی تیرۆری ئاوێنه‌یه‌ک به‌ده‌ستێکی ڕیشن
ئه‌وه‌ی نه‌سووتا به‌ته‌نێ ''
* عیشقی ڕووبار بوو له باڵقبووندا
* حه‌زی جوانی ژنێک بوو
له گوێگرتن له مۆسیقا
له ده‌می جووتبوونا
* گلۆپی سفری ژووره‌که‌ی خوا بوو
ئه‌و ده‌مه‌ی مه‌مکه‌کانی تۆی ده‌خولقاند!

(3)

ڕۆێک د ێ
پایز, خۆی و گه‌ڵاو هه‌وره‌کانی نغرۆبن.
سه‌ده‌یه‌ک د ێ
ده‌ریاکان پر پر بن له نهێنیی پیاوکوژان
ئه‌ز باکم نییه گه‌ر که‌ونیش هه‌پرون بێ
چیم نییه بیدۆڕێنم، ته‌نیاییم نه‌بێت..

(4)
کەس دووجار لە دایک نابێت
کەس نییە دووجار بمرێت
(ڕاپەڕین) یەک جاربوو، تەواو
جارێکیتر نابیینن کەس بچێتەر (کۆڕەو)
هەموو شتە مەزنەکان یەک جار ڕوودەدەن
بۆیە منیش ترسم هەیە
جارێکی تر تۆم خۆش بو ێ..

(5)
عوسمان چێوار ئێستاش ماوە
گەر پروا ناکەن،
بچن سەر ێ لە -گوڵعومەر-ی خوا بدەن!
ئەو ێ-چا- و جگەرە- ی لێیە
لەو ێ هەزاریی ڕژاوە
ئەو ێ پرە لە مۆسیقای -ماریانا-
ئەو ێ پرە لە کوشتنی -لۆرکا-
ئەو ێ پرە لەو شتانەی
لە ژیاندا جێیان نابێتەوە..

(6)
زۆرجار، شیعر هەوڵی داوە
واتایەک بۆ کۆڵان بدۆزێتەوە،
یان چیرۆک، مێژووی کۆڵان بنوسێتەوە!
هەتا ئێستا شتاقیان بەوە نەگەیشتوون"
کۆڵان،یانی"
- سەرەتاتکێێ کچ وکورێکی جحێڵ بۆ یەکتری،
-هاتنە ناوشاری جارانی مەفرەزەی پێشمەرگە،
- نووسینی دروشمەکانی شۆڕش بە خەتێکی درشت,
- کوشتنی داهۆڵەکانی (شێرزاد حەسەن)
لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا،
-هێنانەوەی تەرمی سەربازێک لەبەرەکانی جەنگ,
-هەتیوکەوتنی پەڕەسێلکەیەک
ئەوە دەمەی چەتوونێک هێلانەکەی تێکئەدات..
- کۆڵان یانی بۆنی خاک دوای ئاورشێنی ئێوارەکانی عیشق

- هەڵواسینی کوژەکەی شین بە ناوچەوانی دەرگاوە
- کۆڵان یانی گەڕانەوەی شەوانی سەرخۆشان بە لارەلار ..

+ خودایا!
بڵێی هەتا ئەز لە تەنیایی ئەگەڕێمەوە
کۆڵانەکەمان وەک خۆی مابێ, خودایا!

(7)
خوداش خەون دەبینێ،
ئەوە نییە ئەو بوونەوەرانەی لە خەوندا ئەیانخوڵقێنین
هەموویان ئەهلی بادەو
خەڵکی نوورو...
ئەسڵی بارانن
خوداش مەست ئەبێ
ئەو دەیان جار دەفی بۆ باران ژەنیوە!
ئەو دەیان جار خۆی کردووە بە حەیرانی باخچەیەکی
بێوەژن!

www.chrakan.com